# ڕەنگدانەوەی عیشق لە شیعرەکانی
# (فەرەیدون عەبدول بەرزنجیی)دا

م.ی. ناهیدە حسین

## پێشەکی

عیشق و خۆشەویستی ئەو هەستەیە، کە لە ناخی هەموو تاکێکدا بە شێوەیەکی سروشتی و خۆڕسک دروست دەبێت و بەردەوام گەشە دەکات، مرۆڤ هەر لە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە، وەکو پێویستییەکی ڕۆحی بۆ بەردەوام بوون و گەورە بوون لە ژیاندا، پێویستی بە چاودێری و سۆزو خۆشەویستی دایک و باوکی هەیە، دواتر لە قۆناغەکانی تری ژیانیداو لەگەڵ گەورە بوونیدا ئەو خۆشەویستییە بە فۆڕم و مەبەستی جیاوازەوە بە دەورو بەرەکەی دەبەخشێت. بە جۆرێک دەتوانین بڵێین عیشق و خۆشەویستی یەکێکە لە خاسیەتەکانی مرۆڤ بوون، لەگەڵ ئەوەشدا کە سۆزو خۆشەویستی لە نێو زیندەوارانیشدا هەیە، بەڵام لای مرۆڤ خۆشەویستی ماهیەتێکی جیاوازی هەیە، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن ئاوەزە، هەر ئەمەشە مرۆڤ لە زیندەوەرانی تر جیا دەکاتەوە.

ئەو پەیوەندییەی کە دەکەوێتە نێوان مرۆڤەکانەوەو(نێرو مێ)بە پەیوەندی خۆشەویستی ناوزەد دەکرێت، یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە بوارە فکری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکاندا زۆرترین قسەی لەسەر کراوە، چونکە خۆشەویستی چەمکێکی فرە ڕەهەندەو خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت.

توێژینەوەکەمان لە ژێر ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی عیشق لە شیعرەکانی"فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)دایە، هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی توێژینەوەی زانستی لە بواری عیشق و خۆشەویستیدا، هەروەها زیندوویێتی بابەتەکە، کە بە پێی کات و سەردەم و کۆمەڵگاکان گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام هەرگیزو لە هیچ کۆمەڵگایەکدا عیشق ئاوا نابێت،

چونکە عیشق پەیوەستە بە مرۆڤ و مرۆڤ لە هەر کوێ هەبێ عیشقیش لەوێ سەرچاوە دەگرێت. ئەوەشی کە وای لێکردین شیعرەکانی "فەرەیدون عەبدول بەرزنجی" هەڵبژێرین، ئەوە بوو کە شیعرەکانی ناوبراو بە شێوەیەکی دیار ڕەنگدانەوەی عیشقێکی پاک و ڕاستەقینەیە، کە لە ناخی دەروونێکی پڕ لە ئێش و ژان و حەسرەتەوە سەرچاوەی گرتووە.

سنوری توێژینەوەکەمان ئەو شیعرانەی(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) دەگرێتەوە، کە لە چوارچێوەی دیوانەکەیدا یەو لە ساڵی ٢٠٠٤ز چاپکراوە.

توێژینەوەکەمان پێکهاتووە لە پێشەکییەک و دوو تەوەرە، لە تەوەرەی یەکەمدا ئاماژەمان کردووە، بە چەمک و پێناسەی عیشق و جۆرەکانی عیشق و پاشان باسی عیشقمان کردووە لە کۆمەڵگای کوردیدا. لە تەوەرەی دووەمیشدا ئاماژەمان کردووە بە شیعر، پەیوەندی عیشق و شیعر، ڕوانینی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی بۆ عیشق و شیعر، پاشان جەختمان لەسەر ناونیشانی توێژینەوەکەمان کردووە، بە وەرگرتنی نمونەی شیعری و بە شێوەیەکی پراکتیکی کارمان لەسەر دەقە شیعرییەکان کردووە، کە هەموویان ڕەنگدانەوەی عیشق و خۆشەویستی شاعیرن بۆ بەرامبەرەکەی. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا چەند ئەنجامێکمان خستووەتە ڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی. هیوادارین توانیبێتمان بەم توێژینەوەیە، خزمەتێکی بچووک پێشکەش بە ئەدەبی کوردی و خوێنەران بکەین.

## تەوەری یەکەم/ چەمک پێناسەی عیشق

عیشق بریتی نییە لە ساتێک پەرێشانی، بەڵکو دیاردەیەکی بەهێزەو بەخشندەیی ژیانی مرۆڤە، کەسایەتی مرۆڤێکە کە لە دوا پلەی گەشەی دابێت..وەک هێزێکی شاراوەو نادیار لە قوڵایی دەرونی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت، بە جۆرێک کە هیچ لەمپەرو کۆسپێک توانای تێکشکاندنی ئەم هێزەی نییە. وشەی (عیشق) کە بە سەدان جار لە شیعرە غەزەلیاتەکان ولە لاپەڕەی کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕاگەیاندنەکانەوە...هتد دەبینین و دەبیستین، لەگەڵ

ئەوەشدا ڕەنگە زۆربەمان بە تەواوی لێمان نەکۆڵیبێتەوە، کە مەبەست لە عیشق چییە؟ ئایا هەموو پەیوەندییە سۆزدارییەکانی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز پێی دەوترێت عیشق؟چین ئەو بەهایانەی کە چەمکی عیشق پیرۆز دەکەن و؟...هتد .

وشەی (عیشق) وشەیەکی عەرەبییە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە کەمی لە شیعری کلاسیکی عەرەبیدا بەرچاو دەکەوێت. لە فەرهەنگی عەرەبیشدا بە چەندین شێوە ماناکراوە، کە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ یەک ڕاستی و یەک واتا دووبارە دەکاتەوە، ئەویش(زۆر خۆشویستنە). جەوهەری لە فەرهەنگی(الصحاح)دا دەڵێت: ((العشق فرط الحب)) واتە:عیشق ئەوپەڕی ئەڤین و خۆشەویستییە.(قانع خورشید: ٢٠٠٥ :١٧)هەروەها پێشەوا (غەزالی)یش لە بارەی عیشقەوە دەڵێت: ((خۆشەویستی بریتییە لە خواست و ئارەزوو کردنی سروشت و نەریت بۆ هەر شتێکی چێژ بەخش، ئەگەر ئەم ئارەزووە بە هێز بوو پێی دەوترێت عیشق))(سەرچاوەی پێشوو:١٧) (ابن الاعراب)یش دەڵێت: ((عەشەقە بەو لاولاوە دەترێت کە سەوز دەبێت و زەرد هەڵدەگەڕێت و خۆی هەڵدەواسێت بەو دارانەی کە لە دەورو بەریدان "عاشق"یش لەمەوە وەرگیراوە)) (سەرچاوەی پێشوو:١٧) سیفاتی لاولاویش ئەوەیە، کە خۆی لە درەخت دەئاڵێنێت و زەردی هەڵیدەگەڕێنێت و دەبێتە هۆی هەڵوەرینی گەڵاکانی و لە کۆتایشدا وشکی دەکات. کەواتە ئەم وشەیە عەرەبییەو لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، لە زمانی کوردیشدا (عیشق) چەندین پلە گەورە بوونە لە خۆشەویستی، هەر لە ڕێگای خۆشەویستییەکی سەرەتاییەوە مرۆڤ دەگاتە پلەی عاشق بوون، کە بە واتای دوا پلەی ئەڤینی و خۆشەویستی دێت بۆ ڕەگەزی بەرامبەر. دەکرێت بڵێین گەڕان بە دوای مانای خۆشەویستیدا مێژوویییەکی کۆنی هەیە، کە هەندێک لە بیرمەندان و فەیلەسوفان هەوڵیان داوە بەهۆی بەهرەی تایبەتی خۆیانەوە، نهێنی خۆشەویستی بدۆزنەوە. (ئەفلاتون) یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە لەسەر زۆربەی کایە مەعریفییەکانی ژیان بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە، کە هەتا سەردەمی ئەمرۆش پانتاییەکی گەورەی هەیە لە جیهانی تێڕامان و

سروشـتداو بگـرە ڕۆژ بـە ڕۆژ بیروبۆچوونـەکانی زیـاتر لـە نێـو دنیـای ڕۆشنبیریدا بڵاو دەبێتەوە. یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە ئەفلاتون تیایدا خاوەنی بۆچوونێکی گەورەو پڕمانایە، عیشق وخۆشەویستییە، ئاشکرایە کە مەبەسـتی ئـەفلاتون عیشـقێکی پـاک و بێگـەردە، کـە هۆکارێکـە بـۆ پـاک بوونـەوەی ڕۆح، بـەو مەرجـەی لـە دەرەوەی چێـژە جەسـتەییەکانەوە بێت. لەسەرەتاوە ئەفلاتون پێی وایە خۆشەویستی بریتییە لە چێژ وەرگرتن لە جوانی، بەو پێیەی کە جوانی حەقیقەتی باڵایەو ئێمە بە هۆی لێکۆڵینەوەو تێڕامـان لـە شـتە جوانەکانـەوە، دەگەینـە حاڵـەتی توانـەوەو ئاوێتـە بـوونی قەوارەمان لە نێو بۆتەی ئەو حەقیقەتە باڵاو گشتگیرەدا تا ڕادەی یەکگرتنی تـەواو لەگەڵیـدا، چونکـە عیشـق و خۆشەویسـتی لـە ڕوانگـەی ئەفلاتونـەوە، بریتییـە لـە بـەرز بوونـەوە لـە پلـەکانی خـوار زیندەوەرییـەوە بـۆ پلـەی زیندەوەری.(قاسم حوسێن: ٢٠٠١: ٢١٣). ئاشکرایە لە ماتماتیکدا یەک و یەک دەکاتە دوو(١+١=٢)، بەڵام ئەفلاتون پێی وایە لە عیشقدا یەک و یەک دەکاتە یەک، واتە(عاشق+ مەعشوق= کەسێکی تـەواو)، هەرچەندە ئەفلاتون (یەک)ی بـەکار هێنـاوەو ئامـاژەی بۆ(نیـوە) نـەکردووە، بـەڵام بە پێـی ئـەو ئەنجامـەی ئەفلاتون بێت، (یەک) لە جێگای نیوەیەو بە کەسی یەکەم و کەسی دووەم، ئینجا کەسێکی تەواو دێتە بوون (دێرین حامد: ٢٠٠٤: ٨) ئەفلاتون پێی وایە خۆشەویسـتی چارەنووسـێکی هەیـەو ناکرێـت بـەرەنگاری ببینـەوە، پاڵ بـە هەردوو عاشقەکەوە دەنێت بۆ ئەوەی بەیەکتری بگەن، جا ئەگەر عاشق بە نیوەکـەی تـری گەیشـت، ئـەوا هەسـت بـە هاوڕێیـەتی و نزیـک بوونـەوەو خۆشەویستی دەکات و نایەوێت بۆ ساتێکیش لێی دوور بکەوێتەوە. ئەفلاتون بە ڕوانینێکی دووانەییەوە دەڕوانێتە خۆشەویستی، ئەویش لەسەر بنەمای جێگای خۆشەویستی لە جەستەدا بێت یان لە ڕۆحدا؟ ئەگەر پەیوەست بێت بە جەستەوە، ئەوا لە نزمترین پلەو ئاستدایە، بەڵام ئەگەر پەیوەست بوو بە ڕۆحـەوە، ئـەوا ((ڕاسـتگۆیەو خاوەنەکـەی دەگەیەنێتـە ڕادەی ئاسـودەیی ڕاستەقینە)) (قاسم حوسێن: ٢٠٠١: ٢١٣) خۆشەویستیش لە ئەنجامی هەست کردنی هەر دوو ڕەگەز بە کەم و کورتییەکانی خۆیانەوە سەرچاوە دەگرێت،

هەریەكەیان لە قۆناغێكی هۆشیاریدا هەست بەم ڕاستییە دەكەن، كە خۆی بە تەنیا نیوەیەو بۆ ئەوەی ببێت بە مرۆڤێكی كامڵ، پێویستە بە دوای نیوەكەی تریدا بگەڕێت. زۆرێک لە نووسەران و شاعیرانی كوردیش باوەڕی تەواویان بە نیوەكەی تریان هەیە، هەروەک (شێركۆ بێكەس) لەم بارەیەوە دەڵێت:

من ئەو نیوە قەدەغەیەم چۆن بێنمەوە
ناو لەشی خۆم؟!
من ئەم نیوە زیندانەی خۆم چۆن بشكێنم؟!
من ئەم نیوە بێ دەنگەی خۆم
چۆن بێنمەوە ناو گەرووی خۆم؟!
من دابڕینی نیوەم لە نیوەم
من دابڕینی جەستەم
لە جەستەم! (شێركۆ بێكەس: ١٩٩٧: ٨٨)

هەندێک لە توێژەران لە باسكردنی عیشقدا لەسەر ئەوە كۆكن، كە سیمایەكی ئاسمانی بەم چەمكە ببەخشن لە هەوڵدانی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە كەماڵ، هەر بەم پێیەش كاتێک عیشق بە كەماڵی خۆی گەیشت، هێزەكانی عاشق تێكدەشكێنێت و هەستەكانی لە كار دەخات و نەفسی بۆ خواردن دەمرێنێت، جگە لە قسەكردن لەسەر مەعشوق بە هەموو شتێكی تر غەمبار دەبێت، دواتر نەخۆش دەكەوێت و دەبێتە دێوانە.(ڕێبوار سیوەیلی: ٢٠٠٤: ٣١ )

(پاولۆ كۆیلۆ) نووسەری گەورەی بەڕازیلی دەڵێت: ((هیچ كەسێک ناتوانێت پێناسەی عیشق و خۆشەویستی بكات..هیچ كەسێک ناتوانێت لە عیشق بنۆشێت..چونكە عیشق شتێک نییە پێناسە بكرێت و شەرابێک نییە نۆش بكرێت)) (دێرین حامد: ٢٠٠٤: ٩)، كەواتە بۆ ئەوەی لە كرۆک و حەقیقەتی عیشق بگەین پێویستە عاشق بین، چونكە هەموو ئەو پەیوەندییە ڕوحیانەی، كە دەكەونە نێوان دوو عاشقەوە، ئەوەندە لە پێناسە ڕۆشنبیرییەكانەوە دوورن، كە تەنیا خودی ئەو دوو مرۆڤەن دەتوانن پێناسەی ئەو پەیوەندییە بكەن، هەروەک چۆن ئەوانەی كە عاشق نین هەرگیز

نـاتوانن لـە ئازارەکـانی عیشـق بگـەن، چونکـە مـرۆڤ بوونەوەرێکـە بـە ئەزمونـەکانی ژیانییـەوە، بـوونی خـۆی دیـاری دەکـات. دەکرێت بڵێین عیشـق ئاوێتە بوونی ڕۆحە لە دوو جەستەدا. بە واتای ئەوەی کاتێک کە مرۆڤ ڕوو دەکاتـە بەرامبـەرو خۆشەویسـتی خـۆی پێشـکەش دەکـات و دەڵێـت: خۆشـم دەوێیت. واتە خۆم خۆش دەوێت، پابەند بوونی من بە تۆوە، لـە پابەند بـوونم بە خۆمەوە سەرچاوە دەگرێت.( خۆشم دەوێیت) واتە لە ناخی منی قسەکەردا پانتاییـەکی فراوان هەیـە، بۆ جێگیر بـوونی تـۆی گوێگر. لـە بری ئـەوەی(من) ببێتـە سـەنتەری بڕیـاردان( ئێمـە) جێگـای دەگرێتـەوە. عیشـق هـەرگیز لـە ناوناچێت، لە هەر شوێنێکدا عیشق هەبێت مرۆڤیش هەیە. عیشـق دان بـەخۆدا گرتنە، میهرەبانییەو لە ئاگری ئیرەییدا ناسوتێت.(ئەبو تسـلاجان) دەڵێت:((ئـەو دەمەی ئەویندارى گەیشتە چڵە پۆپە، ترس ماڵئاوایی دەکات)) (دیل کارنگی: ١٩٩٩: ١٥)، چونکە ترس ناتوانێت لەبەر هێرشـی عیشـقدا خـۆی ڕابگرێت. لـە عیشـقی ڕاستەقینەدا ڕۆحـەکان یـەکتری دەدۆزنـەوە، بۆیـە سـەرجەم سـنورە جوگرافی و جیاوازییە چینایـەتی و کۆمەڵایـەتی و ئـابوری و کلتـوری و...هتد تێک دەشکێنن. عیشـق بـۆ مانـەوەو درێژەدانـە بـە کـاروانی ژیـان، ئەگـەر ژیـان واتایـەکی هـەبێت، ئـەوا ئـەو واتایـە لـە عیشـقەوە سـەرچاوە دەگرێـت، ئـەو کەسەشی کە لەبەر خۆشەویستی خۆی بەخت دەکات، بە واتایەکی تر خۆی بۆ ژیان بەخت کردووە. هەروەکو(تۆڵستۆ) دەڵێت: ((هـیچ شـتێک نییـە جگـە لـە خۆشەویسـتی کـە وامـان لێبکـات ژیانمـان ببەخشـینە ئـەوەی کـە خۆشـمان دەوێت)) (سەمیر شێخانی: ٢٠٠٥: ٨)

ئەو مەودایەی کە عیشق داگیری کردووە لە ناو چەقی قورسایی دڵی مرۆڤدا بە ئازادی و بـە ئـارەزووی خـۆی گەمـەی تێدا دەکـات، بریتییـە لـەو پانتاییـە بەرینـەی کـە بـە شـێوەیەکی گشـتگیر مرۆڤایـەتی ئاوێتـەی خـۆی کـردووەو لـە زۆر جەمسـەرەوە فشـاری دەروونـی و بـاری کەسـێتی مرۆڤـی خسـتووەتە ئـەو تەنگەژەیـەی کـە پێـی دەوترێـت عیشـق.((ئازادی مـرۆڤ ئەگەرچی سنوردارو بارگاوی بێت بە هەر پرینسیپێکی تر، ئەوا لێرەدا عیشـق ڕچـە شـکێنی هـەر ئایدیاو بیرۆکەیـەکی بزوێنـەری هـزری مرۆڤـە، کـە وا لـە

مرۆڤ دەکات تەنیا ئەولەوییەت بدات بەو بارە ناهەموارەی، کە بە هۆی عیشقەوە تێی کەوتووەو بە پیرۆزترین پرۆسەی ژیانی خۆی لە قەڵەمی دەدات، چونکە عیشق پەیوەندییەکی تۆکمەو کەماڵی هەیە بە ژیانی مرۆڤەوە)).(وریا قانع، ماڵپەڕی میدیا لە کوردستان)

ئەم پەیوەندییەش دوو جەمسەرە عاشق (کەسی یەکەم) ئەو کەسەیە، کە زیاد لە پلەی خۆشەویستی عاشقی کەسێک بووەو بە ناخیدا ڕۆچووە، مەعشوقیش(کەسی دووەم)، ئەو کەسەیە کە بەرامبەرەکەی عاشق و گیرۆدەی بووە. کەواتە عیشق بەیەک گەیشتنی دوو کەسە، ئەو پەیوەندییەیە کە دوو کەس(کچ و کوڕێک) پێکەوە دەبەستێت، بە ئامانجی بەیەک گەیشتن وهاوسەرگیری، بە جۆرێک هەریەکەیان ئەوی تر بە نیوەکەی خۆی دەزانێت، کە بە درێژایی ژیانی بە دوایدا دەگەڕێت. لە چاوی ئەم دووانەشەوە کە سەیری جیهان دەکەن، ژیان بە جوانی و بەختەوەری دەبینن. ئەگەر ئەمە تێگەیشتنمان بێت بۆ چەمکی عیشق، ئەوا پێویستە لێوەی بڕوانین بۆ ژیان و داهاتوومان و خۆمان چاودێری عەقڵ و دڵمان بین و لە خەوی بێ ئاگایی هەستین، چونکە عیشق گەمەیەک نییە لە دەستی کوڕ یان لە دەستی کچدا بێت، بەڵکو دەبێت بە هۆشیارییەوە هەنگاوی بۆ بنێین، بۆ ئەوەی بتوانین لە پرۆسەی عیشقگەراییدا سەرکەوتوو بین، ئەمەش سەرەتا بە خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و ڕێزگرتنی یەکتری دەست پێدەکات و کۆتاییەکەشی بە چێکردنی خێزان و هاوسەرگیری دەبێت.

### جۆرەکانی عیشق

زۆربەی زانایان لەو باوەڕەدان، کە بەشێوەیەکی گشتی عیشق دوو جۆرە:

**١. عیشقی حەقیقی (عیشقی ئاسمانی) :**

پەیوەندی نێوان تاکەکانە لەگەڵ پەروەردگاردا، پرۆسەیەکی زەمینی، دەروونی، مەعنەوییە بە هێزێکی مرۆییەوە، لەسەر بنەمای بیری باوەڕدارانە دروست دەبێت. لەم تێڕوانینەدا عیشق هەم وەکو ئاستێکی بەرزتری

خۆشەویستی وێنا دەکرێت، هەم وەکو پەیوەندییەکی نێوان مرۆڤ و خوای خۆی سەیر دەکرێت. سۆفیزم و عیرفانی ئیسلامی بەرجەستەکەری ئەم ڕوانگەیەن، لە هەردوو ئەم ڕێبازەشدا عیشق ڕەهەندێکی میتافیزیکیانە وەردەگرێت و چیدی ناکرێت وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، یاخود وەک پەیوەندییەکی سۆزدارییانەی نێوان مرۆڤەکان سەیر بکرێت، چونکە لێرەدا عیشق پەیوەندی مرۆڤە بە بوونێکی نامرۆڤانەوە. وەک ئەوەی لە تەسەوفی ئیسلامیدا هەیەو سۆفی کەسێکە جگە لە خوا عاشقی کەسی تر نابێت. یاخود عاشقی ڕەمزو پانتاییەکی پیرۆز دەبێت، کە دەلالەت لە خوا دەکات. لێرەدا نامانەوێت لەوە زیاتر بچینە ناو ئەو بابەتەوەو باسی عیشقی حەقیقی و عیرفانیەت و ڕوحانەت بکەین، چونکە مەبەستی سەرەکیمان قسەکردنە لەسەر عیشقی (مەجازی)، عیشقی نێوان هەر دوو ڕەگەز.

**٢. عیشقی مەجازی(عیشقی زەمینی)** :

پەیوەندی نێوان دوو کەسە(نێرومێ) پرۆسەیەکی دەروونی، جەستەیی، عەقڵی و ئۆرگانییە، پەیوەندی تاکێکە بەوی ترەوە لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان. ئەم پەیوەندییە ئیرۆتیک بەرهەم دەهێنێت، دوو کەسەکە لە چوارچێوەی ژیانێکی کۆمەڵایەتییانەدا، ڕێز لە جیاوازی یەکتری دەگرن، چونکە ئامانجی ئەوان هەر تەنیا گەیشتن نییە بە جەستەی یەکتری، بەڵکو ئامانجی سەرەکییان بریتییە لە گەیشتن بە خود لە ڕێگەی ئەوی تریانەوە، بەم پێیەش خۆشەویستی هۆکارێکە بۆ دروست بوونی خودێتی مرۆڤ. (ڕێبوار سیوەیلی: ٢٠٠٤: ٣١) ئەم عیشقە وزەو هاندەرێکی نەگۆڕی هەیە و لە ناو ناچێت، بەڵام شێوازو دەرکەوتەی جیاوازی هەیەو لەهەر سەردەمێکی ژیانی کۆمەڵایەتییدا، بە پێی گۆڕانی کەلتورو داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، سیمای تایبەت بە خۆی وەردەگرێت. دیاردەیەکی سروشتییە لە ڕۆحی هەموو تاکێکدا بەرجەستە دەبێت، بەڵام هەریەکەیان بە جۆرو شێوەیەک هەڵدەقوڵێت و ڕێگای خۆی دەگرێت. کەواتە عیشقی مەجازی پرۆسەیەکی دوو لایەنەی ئازادە، لە نێوان دوو کەسداو زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی فراوان

داگیـر دەکـات. کـە تیایـدا کورێـک  هـەموو هـەوڵێکی خـۆی دەخاتـە گـەڕ، لـە پێناوی بەختەوەرکردنی کچێکدا، کچیش هەموو خەون و ئاواتـەکانی خـۆی لـە چاوی ئـەو کـوڕەدا دەبینێتـەوە. هـیچ کـاتێکیش کەسێکی تـر ناتوانێت جێگـای بەرامبەر بۆ ئەوی تر بگرێتەوە.

**عیشق لە کۆمەڵگای کوردیدا**

بێگومـــان قســـە کـــردن لـــە بـــارەی پەیوەندییـــە ســـۆزدارییەکان و ژیـــانی هەسـتەوەری لـە کۆمەڵگایەکدا، کـە کـەلتورێکی داخـراوی هەیـەو تیایـدا تاکـە کـەس بەهایـەکی ئـەوتۆی نییـە کـارێکی ئاسـان نییـە، چونکـە لـەو جـۆرە کۆمەڵگایانەدا کەمتر بوار بۆ پراکتیزە کردنی هەست و سۆزەکان دەرەخسێت و دەستێوەردانە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان ئەوەندە زۆرن، کە بوار بـۆ تـاک ناهێڵنەوە لە پەیوەندی کردن بـەوی ترەوە، کـە عیشـق و خۆشـەویستی بکـات بە بنەمایـەک بـۆ چێکردنـی خێـزان. لـە کۆمـەڵگای کوردیـدا کاتێـک دوو کـەس ڕوو بە ڕووی یەکتری دەبنەوە، جا ئەو دوو کەسە دوو کوڕ بن یان دوو کچ یـان کوڕێـک و کچێـک بـن، پـەروەردەکراوی ئـەو کۆمەڵگایـەن. واتـە کاتێـک مرۆڤ لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە خێزاندا پەروەردە دەکرێت، یان کاتێک دەچێتە ناو سیستەمی خوێندنەوە بۆ فێربوون، دەبینین هیچ کام لـەو پەروەردانـە یـان فێربوونە، تاک لەسەر بنچینەی مرۆڤانەو ئازادانـە پـەروەردە ناکـەن تـا وایـان لێ بێت خۆویستانەو هۆشیارانە بکەونـە پەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەوی تـردا. بۆیـە پێویســـتە دیـــدێکی ڕەخنەگرانـــە هـــەڵبژێرین و بـــە هۆیـــەوە ئـــەو پانتاییانـــە بدۆزینەوە، کە ڕێگرن لە بەرجەستە بوونی ئەو جۆرە پەیوەندییانەدا .

دەکرێـت بڵێـین ئـەم پەیوەندییـە لـە کۆمەڵگایـەکی پیاوسـالاری وەکـو کۆمـەڵگای کوردیـدا، هەمیشـە پەیوەندییـەک بـووە کـە تیایـدا بکـەر نێرینەیـەو بابـەتی پەیوەندییەکـەش مێینـە بـووە، بـە واتـای ئـەوەی لـە کۆمـەڵگای ئێمـەدا ئەوەی خۆشەویستی دەکات و ڕێگـەی پێدراوە هەسـتەکانی خـۆی دەربـبڕێت، نێرینەیـەو ئەوەشـی کـە بووەتـە بابـەتێک لەبـەردەم هەسـت و حـەزەکانی نێرینـەدا، مێینەیـەکی پاسـیڤە. چونکـە هەمیشـە کۆسـپەکانی بـەردەم کچـان و

ئازادییەکانیان سنوردارترە لە کوڕان. زۆرجاریش کەمترین سزای ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا لە ئاستی سۆز گۆڕینەوەیەکدا، یاخود گومان بردنێکدا سزادانێکی توندو کوشتن بووە. کەواتە دەکرێت بڵێین نەک هەر پەیوەندییە سۆزدارییەکان و تێڕوانینی کۆمەڵگای کوردی بۆ مێینە ئایدیالییانە نەبووە، بەڵکو بە درێژایی مێژوو ئەو جۆرە پەیوەندییانە ترس ئامێزو نیگەتیڤ بوون.

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ز کۆمەڵگای کوردی ڕوو بە ڕووی کۆمەڵێک گۆڕانکاری و پێشکەوتن بووەوە، لە سەرجەم کایەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و کلتوری و...هتد، بەڵام دیسان تێڕوانینەکانی کۆمەڵگا بۆ ژن و بۆ پەیوەندییە سۆزدارییەکان، لە شوێنی خۆیان مانەوە، یاخود گۆڕانێکی ڕێژەییان بەسەردا هات. هەر لەم قۆناغەشدا بە دەیان حاڵەتی توندو تیژی و سزادان و کوشتنی ژنان و کچانیش بە تۆمەتی خۆشەویستی و بوونی پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا تۆمار کراون. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناتوانین بە شێوەیەکی ڕەها بڕیار بدەین، کە عیشق لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕەت کراوەتەوەو نەبووە، چونکە دەیان نمونەی وەک( خورشیدو خاوەر، خەج و سیامەند، ئەسمەرو مامەر، مەم و زین...هتد) هەرچەندە کۆتاییەکەی بەیەک نەگەیشتن بووە، بەڵام ئەم نمونانە گەواهی ئەو ڕستییە دەدەن، کە پەیوەندی خۆشەویستی و عیشقگەرایی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەبووە، ئەمانە سیمبولی عیشقی ڕاستەقینەن، کە ئامادە بوون ببن بە قوربانی لە پێناوی مەعشوقەکەیاندا، هەر ئەمەشە وای کردووە هەمیشە ناویان بە زیندوویی بمێنێتەوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا .

لە سەردەمی ئێستاشدا ژیان بەردەوام لە گۆڕان و پێشکەوتندایە، کەواتە کۆمەڵگاو تێڕوانینەکانیشی لە گۆڕاندایە. ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان عیشق و خۆشەویستی لە کۆن و ئێستادا، جیاوازییەکی زۆر بەدیدەکەین لە ڕووی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان و شوێن و هۆیەکانی پەیوەندی کردن و ...هتد. بۆ نمونە ئەگەر زانکۆو پەیمانگاکان وەک ناوەندێکی کۆمەلایەتی ڕۆشنبیری و زانستی و ئەکادیمی وەربگرین، دەبینین لێرەدا زۆربەی شتەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە، بەرژەوەندی بە واتای ئەوەی بەهامان چەندە؟

خاوەنی چ بڕوانامەیەکین؟ خاوەنی چ پلەو پایەیەکی کۆمەڵایەتین؟ بارودۆخی ئابوریمان چۆنەو لە چ ئاستێکدایە؟...هتد، بۆیە ڕەگەزی مێیینە دەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەرییانەوە، ئەوەندەی بە زمانی جەستە دێتە قسە کردن، بە واتای ئەوەی ئەوەندەی بە زمانی ماکیاج کردن و خۆ ڕازاندنەوە دێتە قسە کردن، ئەوەندە بە زمانی هۆشمەندی و عەقڵ و ڕۆح نایەتە قسەکردن و ئەوەندە بایەخ بە شتە جوانەکانی ناخی نادات. کچ و کوڕ وەک دوو بونەوەر زۆر شتی جوانییان تێدایە لە(بیر، تێڕوانین، هەڵسوکەوت وڕەفتار، خەون و کردار..هتد)، بەڵام کاتێک لەسەر بنەمای بەرژەوەندی مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، ئەوا شتە جوانەکان ناکەونە گەمەکردن، ئەگەر کەوتنە خۆشەویستیشەوە بەرژەوەندی لە ناو پەیوەندییەکەدا کار دەکات.(ئاری عومەر: ٢٠٠٤: ١١) لە ناوەندی زانکۆو پەیمانگاکاندا مەرج نییە، هەموو کوڕێک کە دەچێتە سەرە ڕێی کچێک نیوەکەی تری بێت، چونکە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە شێوەیەکی گشتی مەرجی سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی کچێک لەلایەن کوڕانەوە جوانییەکەیەتی، کوڕان عاشقی جوانی کچان دەبن و زۆرجار جوانی ڕوخسار کوێریان دەکات، لە ئاستی بینینی ناشرینە شاراوەکانی ناخی بەرامبەردا، پێویستە کوڕان پێش ئەوەی بڕیار لەسەر ئەم کارەیان بدەن، دوور بین بن و بە چاوی عەقڵ و دڵەوە بۆ ئامانجی ئەم عیشقەیان بڕوانن، ئەگەر هەستیان بە دڵنیایی کرد لەوەی کە عەقڵ نەکەوتووەتە ژێر کاریگەری سۆزەوە، واتای وایە هەڵبژاردنەکەیان ڕاست و دروستە. کچانیش بە شێوەیەکی گشتی بیر لە ماددەو دەوڵەمەندی کوڕان دەکەنەوە، لە کاتێکدا کە ماددە ناتوانێت مرۆڤ بەختەوەر بکات، ئەگەر مرۆڤ لە ناخی خۆیدا هەست بە بەختەوەری نەکات. کەواتە عیشق لە زانکۆو پەیمانگاکاندا نابێت بۆ ئەوە بێت، کە کاتی بەتاڵی پێ بەڕێ بکرێت، ئەو کوڕەی کە بە دوای خۆشەویستی کچێکدا دەگەڕێت، لە پێناوی ئەوەی چەند ساتێکی خۆشی لەگەڵدا بەسەر بەرێت، کچەکەش وەڵامی داواکەی دەداتەوەو خۆی دەدات بە دەست سۆزێکی سەرشێتانەوە، هەردووکیان بە ئەزموونێکدا تێپەڕ دەبن، کە هیچ کات خۆیان بۆ ئامادە نەکردووەو ناشزانن کۆتاییەکەی چییە. ئەو کاتە

دەکەونـە هەڵـەوەو دەبێـت بـاجی هەڵـەکانی خۆیـان بـدەن، ئـەم حاڵەتـەش ڕوخێنـەرە بـۆ کوڕەکـەو لەسـەر دوا ڕۆژی کچەکـەش حیسـاب دەکرێـت. هەنـدێک جـار کوڕێـک لـە یەکـەم نیگـاوە عاشـقی کچێـک دەبێـت یـان بـە پێچەوانـەوە، دەشـێت ئەمـە کرۆکێکی ڕۆحـی تێدا بێت، بـەڵام پەیوەندییـەکی خۆشەویستی ڕاستەقینە نییە و ڕەنگە بەرژەوەندییەکی کەسی لەگەڵ بێت. لەم بارەیەوە (ولیام هازلیت) دەڵێت: ((خۆشەویستی لە یەکەم بینینەوە تەنیا بریتییە لە بەدیهێنانی خەیاڵێک کە زۆر بە دوامانەوەیە)) ( سەمیر شێخانی: ٢٠٠٥: ١٢)

ئەگەر خۆشەویستی ڕۆحی لە نێوان دوو مرۆڤدا هەبێت، ئەوا هەم خۆ بەخت کردنی تێدایە، هەم کۆشش کردنی لەگەڵدایە، بۆ گەیاندنی ئەو پەیوەندییە بە کەناری ئاسودەیی، چونکە خۆشەویستی بۆ خۆی شۆڕشێکە پێویستی بە تێکۆشان هەیە، هەروەکو نووسەری ئیتالی (فراسیسکۆ ئەلبیرۆنی)دەڵێت: ((خۆشەویستی شۆڕشێکە.. شۆڕشگێڕەکانی لە دوو کەس پێکهاتوون))(ڕێبوار سیوەیلی: ٢٠٠٢: ٩٨).

زۆرجار دەبینین لە ناوەندی زانکۆو پەیمانگاکاندا، کچێک دەکەوێتە پەیوەندییەکی خۆشەویستییەوە، بەڵام لە کۆتاییەکەیدا شەڕی هاوسەرگیری پێناکرێت. لێرەشدا یەکەمین نرخێک کە دەیدات ئەوەیە، کە لە ڕووی ڕۆحییەوە دڵسوتاو دەبێت. کچان چەند دڵڕەقیش بن بە مەبەستەوە خۆشەویستی ناکەن، بۆ ئەوەی ئازاری کوڕان بدەن، چونکە پەیوەندی نێوان دوو عاشق هیچ شتێک نییە، تەنیا بەردەوامی دانە بە بابەتە ڕۆحی و سۆزدارییەکان. دەکرێت هەندێک جار لە نێوان دوو هاوڕێدا بەشێک لە ڕق هەبێت، بەڵام ناکرێت باسی پەیوەندی خۆشەویستی بکەین و بڵێین ئەم پەیوەندییە بەشێک لە ڕقیشی تێدایە. هەروەکو(لابرۆبیر) دەڵێت: ((لە هاوڕێیەتیدا تەنیا ئەو هەڵانە دەبینین کە دەکرێت ئازاری هاوڕێیەتیمان بدات، بەڵام لە خۆشەویستیدا تەنیا ئەو هەڵانە دەبینین کە دەناڵێنین بە دەستیانەوە)) (سەمیر شێخانی: ٢٠٠٥ ١٠) ئەوەش یەکێکە لەو هەڵانەی، کە کچان دەیکەن و بەمەش ئازاری ڕۆحی بەرامبەر دەدەن و خۆیان و بەرامبەرەکەشیان

دڵسوتاو دەکەن. دەکرێت لە بواری عیشق و هەڵبژاردنی هاوسەردا گلەیی لە کچێک بکەین بڵێین، ئەگەر تۆ لەوە دڵنیا نیت، کە دەتوانیت شەڕی داهاتووی هەڵبژاردنی هاوسەری خۆت بکەیت و دڵنیای لەوەی، کە دایک و باوکت بڕیار لەسەر داهاتووت دەدەن نەک خۆت، بۆچی دەکەویتە پەیوەندییەکی سۆزدارییەوە، کە هەم خۆت دڵسوتاو دەکەیت هەم بەرامبەرەکەت توشی نائومێدی دەکەیت. کەواتە بۆ ئەوەی خۆشەویستییەکی کامڵ هەبێت، پێویستە کورو کچێکی پێگەیشتوو تێگەیشتوو هەبێت، کە بیانەوێت ژیانێکی دڵنیاو ئاسودە بەرهەم بێنن و ئامادە بن یەکتری بەختەوەر بکەن، لە پێناوی چێکردنی خێزانێکی بەختەوەر، کە لەسەر بنەمای ڕێزو خۆشەویستی و ڕاستگۆیی وەفا...هتد بنیات نرا بێت. مافی خۆشمانە هەمیشە کۆتایی ئەو ڕێگایە بزانین کە گرتوومانەتە بەر، کۆتایی ڕێگاکە دوور بێت یان نزیک گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ نزیکیمانە لە ڕێگاکەدا. ئەو کاتە ئەو ئەزمونەشی کە پێی گەیشتووین کۆتاییەکەی هەڵواسراو نییە، بەڵکو تەنیا دەکەوێتە سەر چارەنووس.

**تەوەرە ی دووەم/ شیعر**

دیارە هەر لە کۆنەوە تێڕوانین و بیروبۆچوون و لێکدانەوەی جیاواز بۆ چەمکی شیعر هەبووە، هەر یەکە لە گۆشە نیگایەکەوە لە شیعری ڕوانییوە. زۆر لە فەیلەسوفانی وەک سوکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ پێیان وابووە، کە شیعر لاسایی کردنەوەی سروشتە.جا بە هەر ئاست و شێوازێک بێت، بەڵام ئەم بۆچوونانە وەکو خۆیان نەمانەوەو گۆڕانیان بەسەردا هات. واتە لەگەڵ هاتنە کایەوەی قۆناغ و قوتابخانەو ڕێبازو شەپۆلی تازەدا، تێڕوانین و لێکدانەوەو پێناسەو چەمکی تازە بۆ شیعر هاتە کایەوە، نووسەری ناودار(وۆردز ۆرز) دەڵێت:((شیعر هەڵچوونێکی خۆیی سۆزە بەهێزەکانە)) (د.احسان عباس:١٩٨٩: ١٤) ناوبراو سۆز بە سەرچاوەی سەرەکی شیعر دادەنێت. هەندێکی تریش جەخت لەسەر وێنەی هونەری و ئیستاتیکیەتی شیعری دەکەنەوە، بۆ نمونە (محەمەد مەندور) دەڵێت: ((بەلای منەوە پێوەری

پێوانـەو هەڵسـەنگاندنی شـیعر دوو سـەرەیە، یـەکێکیان بـەرزی نـاوەڕۆک و ئـەوی تـریش جـوانی وێنـەی هونـەری و جـوانی دەربڕینـە)) (د.محمد منـدور: ١٩٧٤: ٩١) هەنـدێکی تـر زمـان بـە کۆڵەکـەی شـیعر دەزانـن، واتـە شـاعیر تـا چەند دەتوانێت لە ڕێگای زمانی شیعرەوە پەیامی خۆی بگەیەنێت، هـەروەک (پۆل ڤاری)دەڵێت:((شیعر زمانە لـە دوو تیۆی زماندا)) (د. عیزالدین اسـماعیل: ١٣٠)دەکرێت بڵێین شیعر بەشێکی سـەرەکی و زینـدووی ئـەدەبیاتی گـەلانی جیهانـە، ئـەو پارچـە نووسـراوە بـە هێزەیـە، کـە لـە سـۆزێکی زینـدووەوە هەڵدەقوڵێت و لەگـەڵ دڵ و ویژدانـی مرۆڤدا دەدوێت، هـەوڵ دەدات سـۆزی خوێنـەر ببزوێنێت. ئەمـەش بـەو بیـرو ئەندێشـەیە دەبێت، کـە بـە جـوانترین شـێواز دادەڕێژرێت. شـیعر ئـەو هەسـتە ناسکەیە، کـە لـە پـەڕەکانی دڵـەوە هەڵدەقوڵێت و کاردەکاتـە سـەر هەسـت و سـۆزی خوێنـەرو دەیبزوێنێت. لـە کۆندا باو بووە ئەگەر شیعر سۆزی تێدا نـەبێت و کاریگـەری لەسـەر خوێنـەر نەبێت، ئەوا بە شیعر دانانرێت. شاعیری سـۆزئامێزیش ڕاستگۆیانە ئـەزمونی شـیعری خـۆی دەخاتـە گـەڕ، هەمیشـە ڕاسـتگۆییەکەی دەخاتـە خزمـەتی ئەزمونەکەیـەوەو بـەرەو نـاخێکی شـاراوەو دنیـای نـاوەوە هـەنگاو دەنێت. ئەمـەش وای کردووە کەسێتی شـاعیر زیاتر لـە شیعردا دەربکەوێت، چونکە شـیعر هۆکارێکـە بـۆ گوزارشـتکردن لـە نـاخی شـاعیر. هـەروەها لـە ڕووی مێـژووی سـەرهەڵدانیشـەوە، شـیعر کـۆنترە لـە پەخشـان. لـەم بارەیـەوە پرۆفیسـۆر(مارف خەزنـەدار) دەڵێت: ((ئـەدەبی کـوردی وەکـو ئـەدەبی هـەموو نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شیعر دەستی پێکردووە، شیعر لـە پێشەوە بووەو هەمیشە لە پەخشان باوتر بووە)) (حسێن محمد عزیـز:٢٠٠٥: ٢٩٣). سـەبارەت بـە سـەرچاوەی شـیعریش بۆچـوونی جیـاواز هەیـە، (ئەفلاتوون) پێی وایە ئەوە خواوەندی شیعرە، کە بە شێوەی خورپەو ئیلهام شیعر بە شاعیران دەبەخشێت، شاعیر یان هونەرمەند هیچ ڕۆڵێکی نییە، تـەنیا ناوەندێکـە لـە نێـوان خواوەنـدی شـیعرو خەڵکیدا. بـەڵام( ئەرسـتۆ) لـەو باوەڕەدایە، کە شـاعیریش وەکو هـەموو خـەڵکی ئاسایی ئادەمیزادەو بونێکی کۆمەڵایـەتی هەیـە، شـیعریش ئارەزوویـەکی زگماکییـە لـە قـەوارەو بـوونی

شـاعیردا، هـەر ئـەم ئارەزووە زگماكییەیـە كـە پاڵ بـە شـاعیرەوە دەنێت بـۆ هۆنینـەوەی شـیعر. جگـە لـەوە شـیعر هونـەرێكی خـاوەن ئەركـە، واتـە لـە ناوەڕۆكدا هەڵگری پەیامێكی دیاریكراوە، كە شاعیر دەیەوێت ئەو پەیامە بە گوێی خوێنەردا بدات. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە شیعر لە ئیستاتیكا بێبەش بێت، بەڵكو شیعری نوێ لەگەڵ ئەوەی هـەڵگری پـەیامێكی خـاوەن ئەركە، لە هەمان كاتیشدا بەدەر نییە لەبەرجەستە بوونی ئیستاتیكایەكی چێژبەخش و هونەری .

## پەیوەندی عیشق و شیعر

عیشق لە ڕوانگەی شیعرەوە سەرچاوەیەكە، كە بە درێژایی ژیان لـە دڵـی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت. لای پێشینان خۆشەویستی هەستێكی شاعیرانەو خەیاڵ بووە، هۆنراوەیان دەهۆنییەوەو هەست و سۆزیان دەخرۆشاند، كەسی عاشق عیشقی خۆی بە گریان و پەرێشانی شـەوو ڕۆژو ئاهو ناڵینەوە دەردەبڕی، هەروەک لـە شـیعری كلاسیكی كوردیدا دەبینرێت. ئەگـەر سـەیری شـاعیرانی كلاسیک بكـەین، دەبینین زۆربـەیان بـە شـیعری دڵداری دەستیان پێكردووە. واتە كانیاوی شیعرییان تەقیوەتـەوەو عیشـق بـووە بـە سەرمەشـق و هـەوێنی شـیعرەكانیان. لـەم بارەیـەوە (ئـەفلاتون) دەڵێت:((هــەر كەسـێک تووشــی خۆشەویستی ببێت، دەبێت بە شاعیر)) (سەمیر شێخانی: ٢٠٠٥: ٥)، چونكە خۆشەویستی هەستێكە لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر جیاوازە، تـەنیا خـودی ئـەو كەسـەیە دەتوانێت لـەو عیشـقە پاكە تێ بگـات و گوزارشـتی لـێ بكـات. بەشێكی زۆری شـاعیرانیش كەسێک هـەبووە لـە ژیانیاندا، كە بۆی بژین و عاشقی بن، ڕەنگە ئەو كەسە لە واقعیشـدا بوونێكی فیزیكی نـەبووبێت، بـەڵكو تـەنیا كەسێكی نموونـەیی بووەو شـاعیر لـە بیـرو خـەیاڵی خۆیدا دروسـتی كـردووەو شـیعری بـۆ بـاڵای وتـووە. ئـەوەتا (نـالی) چەنـد خـۆی بـە گـەورە دەزانێت و دەڵێت:

"نالی"ئیستە تاجی شاهیی و تەختی خاقانیی هەیە

شـــەوکەت ئـــارا، موحتەشـــەم

دیوانە، فیکرەت صائیبە    (دیوانی نالی: ٢٠٠٤: ٤٠٠)

واتە نالی ئێستا کابرایەکە لە مەیدانی شیعرو ئەدەبدا تاجی پادشایەتی و تـەختی خاقـانی هەیـە، شـان و شـکۆی بـەوەوە دەڕازێتـەوە، لـە کـۆڕو مەجلیسی پایە بەرزاندا.. کەچی هەر ئەو نالییە بەرامبەر بە(حەبیبە) جارێک خۆی دەکات بە سەگ و جارێک خۆی دەکات بە بەردەبازو..هتد ئاخۆ ئەمە چ نهێنییـەکی تێدا بێـت؟ بێگومـان لێـرەدا عیشـق و خۆشەویسـتی ڕاسـتەقینە دەردەکـەوێت، کـە تـا چ ڕادەیـەک سـۆزی بەرامبـەر بـە یارەکـەی تەقیوەتـەوەو جڵەوی خۆی لە دەست داوە، نەیتوانیووە دان بە خۆیدا بگرێت. دەڵێت :

دوور لە تۆ "نالی" سەگێکە، بێ وەفایە، هەرزەگۆ

بـــــۆچی

بانگی ناکەی ئەم کەلبە کە نانی نانییە؟!  (سەرچاوەی پێشوو: ٥٩١)

واتـە عـەیب نـەبێت لـە ڕووتـدا، نـالی سـەگێکی بێ وەفـاو هەڵـەوەڕە، بـۆ کەمێک ڕووی نادەیتێ؟ لایەکی لێ بکەرەوەو پارووییەک نانی بۆ هەڵدە، بە کلکە لەقە مل شۆڕ دەکات و دێت بۆ لات و بێ دەنگ دەبێت.

زۆربەی شاعیرانی کلاسیک ڕەگەزی(مێ)یان بە بوونـەوەرێکی دڵ ڕەق و بێ بەزەیی و بێ هەست و سۆز ناوزەد کردووە، وەکو ئەوەی کە هەستی خۆشەویستی و سۆز گۆڕینەوەی نەبێت. نالی دەڵێت:

ڕەنگینە بە خوێناوی دەروونی، دڵی (نالی)

بنـواڕە دەڵـێ خـۆ خەنەیـە پەنجـەیی ئـاڵم

(سەرچاوەی پێشوو: ٢٨٨)

واتـە یـار بـە خوێنـاوی نـاوەوەی دڵـی نـالی، دەسـتی خـۆی ڕەنگاوڕەنـگ کردووە، کەچی سەیری بکە دەڵێت: پەنجەم بۆیە ئاڵ نییە، کە خوێنی کەسی پێـوە بێـت، بـەڵکو خەنـەم تێگرتـووە. بـە پێچەوانـەی شـاعیرانی کلاسـیک، شـــاعیرانی چـــەرخی نـــوێ دەروونـــی ئـــافرەت شـــیتەڵ دەکـــەن و دڵنیامـــان دەکەنـەوە، کـە ئـافرەتیش وەکـو پیـاو مرۆڤـەو هەسـت و سـۆزی هەیـەو خۆشەویستیش جۆرێکە لە سروشتی مرۆڤەکان و ناکرێت لێی جیا بکرێتەوە.

دەتوانین بڵێین عیشق و خۆشەویستی هۆکارێکی سەرەکیین، بۆ هەڵڕشتنی مروارییە شیعرییەکانی شاعیر، عیشق پاڵ بە شاعیرەوە دەنێت، بۆ داهێنان و بەرجەستەبوونی خەیاڵ و ئەندێشە لە چوارچێوەی دەقێکی شیعریدا، ئەو عیشقەش کە لە ناخی شاعیرێکدایەو دڵی ئاوەدان و زیندوو ڕاگرتووە، بێگومان ڕەنگدانەوەی دەبێت لە شیعرەکانیدا. ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی لە دیوانی شاعیراندا هەستی پێ دەکرێت. شاعیرێکی وەکو (وەلی دێوانە) ئەگەر عاشقی (شەم) نەبوایە. ئەوا هەرگیز ئەو هەموو غەزەلە جوانانەی بۆ بەجێ نەدەهێشتین. لە ئەدەبیاتی تازەشماندا(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) وەکو نمونەیەکی زیندوو وەردەگرین و هەڵوێستەیەک لەسەر شیعرەکانی دەکەین.

**فەرەیدون عەبدول بەرزنجی و ڕوانینی بۆ عیشق و شیعر**

ناوی(فەرەیدون عەبدول محەمەد بەرزنجی)ە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە بەرزنجە لە دایک بووە. پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە بەرزنجە خوێندووە، قۆناغەکانی تری ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٨ لە زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی ئاداب- بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی وەرگرتووە، هەر لە هەمان ساڵداو لە زانکۆی سلێمانی دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٨٨ لە زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب- بڕوانامەی ماستەری لە زارەکانی زمانی کوردیدا وەرگرتووە. هەر لە هەمان زانکۆدا وەکو مامۆستا خزمەتی کردووە، دواتر لە ساڵی ١٩٩٨هەر لە زانکۆی سەلاحەدین، بڕوانامەی دکتۆرای لە زارەکانی زمانی کوردیدا بەدەست هێناوە. ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٠ ەوە دەستی بە نووسین کردووە، لە ساڵی ١٩٧٤ ەوە شیعرو بەرهەمی وەرگێڕدراوی بە زمانی کوردی بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٧٧ یەکەم کۆمەڵە هۆنراوەی لە ژێر ناونیشانی( نیگای حەزێکی ئاوارە)دا چاپ کردووە. ساڵی ١٩٨٣ دووەم کۆمەڵە هۆنراوەی بە ناوی (ڕۆژان ئەڕواو تۆ هەر خۆشەویستی منی) بە چاپ گەیاندووە. دواتر لە ساڵی ١٩٩٨ سێیەم کۆمەڵە هۆنراوەی لە ژێر ناوی(کە بیر لە تۆ ئەکەمەوە) بە چاپ گەیاندووە.

هەروەها (د.فەریدون) لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی کوردستاندا بەرهەمی ئەدەبی بە تایبەتی شیعری بڵاو کردووەتەوە. لە ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانیدا گەڕاوەتەوە سلێمانی بۆ خزمەتکردن بەو زانکۆیە. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١دا پلەی پرۆفیسۆری وەرگرتووەو هەتا ئێستاش وەکو مامۆستایەکی بە ئەزموون لە خزمەت کردن بەردەوامە. لە ساڵی ٢٠٠٤ کۆمەڵە هۆنراوە چاپکراوەکانی لە ژێر ناوی( بەرگی یەکەمی دیوانی فەریدون عەبدول بەرزنجی)دا بە چاپ گەیاندووە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠/ ٤/ ٢٠١٥)

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد کرد، عیشق هۆکارێکە بۆ تەقینەوەی کانیاوی شیعری شاعیران، یان بە واتایەکی دی عیشق دەبێتە ئیلهامی وەرگرتنی شیعرو ڕەنگدانەوەی دەبێت لە بەرهەمەکانی شاعیردا. ئەمە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە شیعرەکانی( فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)دا دەبینرێت، واتە ناوبراو عاشقەو ئەم عیشقەش بووە بە هەوێنی شیعرەکانی. شاعیر بەم شێوەیە پێناسەی عیشق دەکات و دەڕوانێتە پەیوەندی نێوان عیشق و شیعر((عیشق بە لای منەوە درێژەدانە بە ژیان، دوا چارەسەرە بۆ کارەساتەکانی ژیانی مرۆڤ. ئەو مرۆڤەی تاسەر ئێسک خۆشەویستی کەسێکی لە دڵدا بێت، ئەوا بێگومان هەموو خەڵکی خۆش دەوێت و ناتوانێت ڕقی لە کەس بێت. عیشقی ڕاستەقینە دەورو پشتی مرۆڤ دەکات بە گوڵ و بەبۆنی خۆش، جا ئەگەر شیعرێک بۆ ئەو جۆرە خۆشەویستییە بنوسرێت، دەبێت چۆن شیعرێک دەربچێت؟ ئەگەر بپرسیت بڵێی ئایا عاشقیت؟ دەڵێم ئەی ئەم هەموو شیعرەم بۆچی نووسیووە؟ بەڵێ هەتا سەر ئێسک عاشقم، من پێش ئەوەی عاشق بم شیعرم نووسیووە، بەڵام دواتر کە عاشق بووم شیعرەکانم بە جۆرێکی تر دەرکەوتن، کە ڕەنگدانەوەی ئەو عیشقە بوون بە هەموو خۆشی و تاڵییەکانییەوە، عیشق و شیعریش دووانەن و بێ یەک نابن.. زۆربەی شیعرەکانیشم ڕەنگدانەوەی ناخی خۆمن و دروست کراو نین، بە ئیلهام هاتوون و زۆر لەخۆ کردنیان تیا نییە)).(سەرچاوەی پێشوو) کەواتە ئەم شاعیرە هەست ناسکە عاشقەو زۆر بە ڕاستگۆییانە دان بەم ڕاستییەدا

دەنێت و پێشی وایە، عیشق و شیعر دووانەن و بێ یەکتری نابن. ئەوەتا لە بەشێکی شیعری( کە تۆ نەیەی شیعریش نایە)دا دەڵێت :

من نازانم..
تۆم خۆشتر ئەوێ یان شیعر؟
ئێوە هەردووکتان لە ناو خوێنما گەورە ئەبن
بە ناو خوێنما دێن و ئەچن
گیانە شیعریش وەک تۆ وایە

گەر تۆ نەیەی ئەویش نایە (دیوانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠٠٤: ١٧٨)

شاعیر خۆشی نازانێت ئایا شیعری خۆشتر دەوێت، یان ئەو کەسەی کە بووە بە هەوێنی شیعرەکانی؟ ناتوانێت بڕیار بدات کە کامیانی خۆشتر دەوێت؟! چونکە هەردووکیان بە ناو خوێنی شاعیردا گەورە دەبن و دێن و دەچن و پاشان هەردووکیان بە تەواوکەری یەکتری دادەنێت، چونکە ئەگەر یار نەیات، ئەوا ئەویش شیعری بۆ نایات. هەروەها لە بەشێکی شیعری(کە ئەتبینم شیعرم بۆ دێ)دا، شاعیر جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان عیشق و شیعر دەکاتەوەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە بینینی خۆشەویستەکەی هۆکارێکە بۆ کردنەوەی دەروونی پڕ سۆزو ئیلهامی شیعرەکانی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت.

کە ئەتبینم
دەروونی پڕ سۆزو شیعرم ئەکرێتەوە
شیعرم بۆ دێ
بەڵام وشە چۆن لێک بدەم؟
هەتا شیعرێ بێتە بەرهەم
کە ئیلهام لە تۆ وەرئەگرم
ئەبێ وەک خۆت
جوان بێ شیعرم (سەرچاوەی پێشوو: ١٦٨)

لــــه بەشـــێکی شیعری(جۆلانە)شـــدا، شـــاعیر پێـــی وایـــه هـــۆنراوەو خۆشەویستەکەی یەک شتن، خۆشەویستە کەی خورپەیەکە بە ناو هەستی شـاعیرێتیدا دێـت و دەچێـت. گـەر سـەرمای بـوو ئـەوا شـاعیر بـە گـڕی شیعرەکانی گەرمی دەکاتەوە، ئەگەر بشترسێت ئەوا شیعرەکانی بۆ دەکات بە پەرژین و دەیپارێزێت.

تۆ هۆنراوەی
هۆنراوە تۆی..
خورپەیەکیت بە ناخی شاعیرێتیما
دێیت و دەڕۆی..
بۆ کویێ دەڕۆی؟..
گەر سەرماتە ئەوە گڕی شیعرەکانم
گەرمی و ڕووناکیت دەداتێ..
گەر دەترسی
شیعر دەکەم بە پەرژین و
هەر چوار لاتی پێ دەتەنم (سەرچاوەی پێشوو: ١٨)

کەواتــە شــیعرەکان هــەڵقوڵاوی خورپـــەو نـاخی شـاعیره، عیشـق و شیعریش ئەوەندە تێکەڵ بە یەکتری بوون، بە جۆرێک کە بەلای شاعیرەوە مەعشوق شیعرەو شیعریش مەعشوق.. کەواتە دەتوانین بڵێین عیشق و شیعر بـەلای( فەرەیـدون عەبـدول بەرزنجی)یـەوە، دوو چـەمکی پەیوەنـدی دارو پێکـەوە بەسـتراون، کـە ناکرێـت لـە یـەکتری جیـا بکرێنـەوە. بێگومـان ئـەو شیعرانەش زۆر لەخۆ کردنیان تێدا نییەو هەڵقوڵاوی عیشقێکی ڕاستەقینەی دەروونی شاعیرن، کە لە کات و سەردەمی خۆیدا بوونی هەبووەو بووە بە سـەرچاوەو ئیلهامێـک بـۆ هـەڵقوڵانی شـیعرەکانی شـاعیر، هاوکـات سـیمای عیشقێکی ڕاستگۆیانەو ئاوێتە بە ئازارو خـەم و ژان و دابڕان لـە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا بەدیدەکرێت.

**ڕەنگدانەوەی عیشق لە شیعرەکانی(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)دا**

لەگـەڵ وەرگرتنـی هـەر نمونەیـەکی شـیعریدا، هەوڵـدەدەین ئامـاژە بـۆ خاسـیەتەکانی عیشـق بکـەین لای (فەرەیـدون عەبـدول بـەرزنجی)و چـەمکی عیشق بکەینە تـەوەرەی سـەرەکی باسـەکەمان. زۆرکـەس لـە هۆکـاری عاشـق بوون دەپرسن، کە ئاخۆ ئەو چاوگ و کانیاوە چییە؟ کە دەبێتە هۆی دروست بوونی هەستی عاشقێتی، یان ئەو دڵۆپە خۆشەویستیانە لـە کوێـوە سـەرچاوە دەگرن؟ کە دواجار دەبن بە دەریاو کەسی عاشق مەلەی تێدا دەکات، هەندێک جـار شـەپۆلەکانی ئـەم دەریایـە بـەرەو کـەناری ئاسـودەیی و بەختـەوەری دەیبەن و هەندێک جاریش شەپۆلەکانی دەریای عیشق، عاشق بەرەو کەناری بێ هیوایی و لـەناوچوون دەبـەن. بۆ وەڵامـی ئـەو پرسیارەش هـەندێک پێیـان وایـە، ئەگـەر مـرۆڤ لـە سروشـتی خـۆی لانـەدات، ئـەوا ئاسـاییە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان تووشـــی داوی عیشـــق ببێـــت و عاشـــق بێـــت، چونکـــە عیشـــق و خۆشەویستی خاسیەتێکی مرۆڤ بوونەو بەمـەش مـرۆڤ لـە زیندەوەرانی تـر جیا دەکرێتەوە.

دووری و بڕادان: دووری و دابڕان لەلای(فەرەیدون عەبدول بـەرزنجی) دوو چـەمکی پـڕ ئـازارن و هەمیشـە شـاعیر ئـازار دەدەن لـە شـیعری(بۆ نەسوتێم)دا شاعیر باسی دووری یار دەکات، بە جۆرێک ئـەم دوورییە بووە بە دۆزەخ و شاعیر شـەو تـا بـەیانی، لـەم دۆزەخـی دوورییـەدا گڕ دەگرێت و دەسوتێت.

ئەگەر ئێستا لەلام ئەبووی
ئەتزانی چۆن
لە ناو دۆزەخی دووریتا
شەو تا بەیانی گڕ ئەگرم..
هەناسەیەک بێ تۆ ناژیم..
بۆیە ئەبێ لە ناخەوە
بۆ کۆستی گەورەی دڵ بگریم..          (سەرچاوەی پێشوو: ٣٦)

هەروەها لە شیعری(کەی ئەگەینە دوا بەندەری خۆشەویستی؟)دا، شاعیر ڕووی گازەندەی خۆشەویستی دەکاتە یارەکەی، ئەو کەسەی کە بووە بە هەوێنی شیعرەکانی و پرسیاری لێ دەکات، کە بۆچی ڕێگەی داوە خۆشی بوێت؟ لە کاتێکدا زانیویەتی کە ڕۆژێک دێت بەجێی دەهێڵێت و دوور دەکەوێتەوە لێی. لەم کاتەشدا شاعیر دەستە وەستانەو نازانێت پەنا بۆ کام شیعر بەرێت؟! کە هەموو یادەوەری و بیرکردنەوەکانی بۆ دووری ئەو لەخۆ بگرێت.

بۆچی هێشتت خۆشم بوێ ی؟
کە ئەتزانی ڕۆژێ دێ
جێم دێڵی ئەڕۆی
پەنا بۆ کام شیعر ببەم
هەموو ئەندێشەی دووری تۆ
بگرێتە خۆی؟.....
کام جێگا ڕێ کۆچی تۆیە؟
تا شوێن کاروانێ بکەوم
یاخود ئەمگەیەنێ بە تۆ
یا تەنیا ناگەڕێمەوە

(سەرچاوە پێشوو: ١٤٠)

شاعیر تووشی بارێکی دەروونی نا ئارام دەبێت، بە جۆرێک کە دەیەوێت شوێن پێی مەعشوق هەڵبگرێت و دوای بکەوێت هەتا پێی دەگات، چونکە ناتوانێت لە دووری ئەو بە ئاسودەیی بژی. ئەمەش یەکێکە لە خاسیەتەکانی عاشقان، کە هەمیشە هەوڵدەدەن ئەگەر بە مەعشوقیش نەگەیشتن هیچ نەبێت لێی نزیک بن.

لە شیعری(بمکوژە.. ئەوسا جێم بێڵە)دا شاعیر بە خۆشەویستەکەی دەڵێت :

گەر ئەمجارە ویستت بڕۆی
ویستت تەنیا بەجێم بێڵی
بمکوژە.. ئەوسا جێم بێڵە

با زریانیش

لاشەم لەگەڵ خۆی ڕاپێچێ

بڵێ ی کوژراو گوێ بداتە

سـەرماو بـاران و ڕەهێڵـە

(سەرچاوەی پێشوو: ١٨٢)

شاعیر کوشتنی پێ خۆشترە، لەوەی یار بەجێی بهێڵت و بڕوات، دوای کوشتنیشی با زریان و ڕەشەبا لاشەکەی ڕاپێچ بکات، چونکە ئەو کوژاوەو دوای کۆچی یار خۆی بە مردوو دادەنێت. شاعیر خۆشەویستەکەی دەخاتە هەڵوێستێکی واوە، بە جۆرێک یان نابێت بڕوات یان پێش ئەوەی بڕوات دەبێت ئەم بکوژێت،چونکە بەرگەی دووری دابڕانی ئەو ناگرێت.

خۆشەویستی لای شاعیرنەستیی بووە: زۆرجار عاشق بوون بە ویستی مرۆڤ خۆی نییە، بەڵکو نەستییە(لاشعور)، یان هەندێک جار کەسی بەرامبەر سەرنجی ڕادەکێشێت و وای لێ دەکات، کە خۆشی بوێت و دواجار عاشقی ببێت لە بەشیکی(هۆنراوەیەکی تایبەتی)دا شاعیر، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە نەستی(لاشعور) دەکات، کە چۆن بێ ئاگایی خۆی خۆشەویستی یار چووە بە دڵیداو دواجار بووە بە خولیاو ئاوێتەی ژیانی بووە.

هەر ئەو ڕۆژەی

دەرگای دڵم

بۆ خۆشەویستیت کردەوە

یاسای سنوورت شکاندو

چویتە وڵاتی دڵمەوە

لای خۆمەوە

ناسنامەیەکم بۆ کردی

هاتیتە سەر شانۆی ژینم

بووی بە یەکەمین ئەوینم

هەر لە یەکەمین گفتو گۆوە

دوا ڕۆژی خۆم

بەسـت بـە خۆشەویسـتی تـۆوە

(سەرچاوەی پێشوو: ٢٠٥)

دوای کردنـەوەی دەرگـای دڵـی شـاعیر، بـۆ پێشـوازی کـردن لـە هەسـتی خۆشەویستی، خۆشەویستەکەی وەکو پەنابەرێکی نایاسایی سنوری وڵاتی دڵ دەشکێنێت و شاعیریش ناسنامەی خۆشەویستی بۆدەکات، بەمەش دەبێت بە یەکـەمین ئەویـنداری شـاعیر. دیـارە ئـەم عیشـقە کـە لـە کـات و سـەردەمی خۆیدا لای شاعیر گەڵاڵە بووە، یەکەمین ئەزموونی عیشـق بـووە لای، دواجـار شاعیر دوارۆژی خۆی دەبەستێت بە خۆشەویستی بەرامبەرەکەیەوە. ئەمـەش هەمیشە لای عاشقە ڕاستگۆکان بەدی دەکرێت، کە خۆشبەختی و ئاسودەیی و ژیانی خۆیان پەیوەست دەکەن بەوی ترەوە.

عیشـقی شـاعیر پـاک وبێگـەردە : ئـەو ئەوینـەی کـە عاشـق و مەعشـوقی بەیەکەوە کۆکردووەتەوە، لەسـەر بنـەمای جوانی ڕۆحـە نـەک لەسـەر بنـەمای گەیشـتن بـە چێژە جەسـتەییەکان. عیشـقێک کـە هـەڵقوڵاوی نـاخی دەروون و خوێنی مرۆڤە! لە شیعری(عەشقی ئێمە)دا شاعیر دەڵێت:

عەشقی ئێمە
بۆ کپ بوونی
دوای خرۆشانی لەش نەبوو
بە ڕواڵەت بەرگ سپی و
لە ناخی ناخیا ڕەش نەبوو
عەشقی ئێمە
زۆر خاوێن بوو

هـی نـاو شـادەماری خـوێن

بوو (سەرچاوەی پێشوو: ١٩١)

لەشـیعری(هۆنراوەیەکی تایبەتی)یشـدا، شـاعیر جـەخت لەسـەر پـاکی ئەوینەکەی دەکاتەوەو داوا دەکات لەوانەی، کە دەیانەوێت لە عیشقی پاک تێ بگەن، با بێن لەو بپرسن تاکو وەڵامیان بداتەوە، پێیان بڵێت عیشقی ڕاستەقینە چۆن بە ئێسقاندا ڕۆ دەچێت و خوێنی دڵ دادەگیرسێنێت !

ئەگەر کەسێ
لە ئەوینی پاک ئەپرسێ
بابێ لەلای من بپرسێ
من ئەزانم ئەو ئەوینە
چۆن بە ئێسقانا ڕۆئەچێ
من ئەزانم بەو ئەوینە
خوێنی دڵ چۆن دائەگیرسێ (سەرچاوەی پێشوو: ٢٠٦)

گریان وسوتان: گریان خاسیەتێکی هەرە دیاری مرۆڤی عاشقە، بە جۆرێک گریان زاڵە بەسەر عاشقاندا، کە دەگمەنە شیعری شاعیرێکی عاشق بخوێنینەوەو باسی گریانی تێدا نەبێت، چونکە دڵی عاشق بەردەوام بەهۆی مەعشوقەکەیەوە لە ئێش و ئازاردایەو بۆ ساتێکیش هەست بە ئارامی و ئاسودەیی ناکات! ئەمە بەشێوەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانی(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)دا ڕەنگی داوەتەوە. لە بەشێکی شیعری (ئەوە خوێنم یادگاری دوا ژوانی پێ بنووسە)دا شاعیر دەڵێت :

چی هێمنی
ئەدا بە دڵی دێوانەم؟
چۆن ئارام بم
تا لە ناخما سووتان هەبێ؟
چۆن نەگریەم
هەتاکو دابڕان هەبێ؟ (سەرچاوەی پێشوو: ١٨٦)

شاعیر دەپرسێت ئاخۆ چ شتێک هێمنی دەدات بە دڵی دێوانەی؟ یان چۆن ئارام دەبێت؟ لە کاتێکدا سووتان و دابڕان لە ئارادا بێت.لە بەشێکی شیعری (دابڕان)یشدا شاعیر دەڵێت:

کە تۆم خۆش ویست
ڕقم لە دڵی خۆما کوشت
عەشقت زۆر شەو گریاندمی
فرمێسکی سورو سوێرم ڕشت

بەو عەشقەوە هەر بەو جۆرە
گۆرانیم بۆ سبەینێم وت
کەوتمە دوای ئاواتی گەورە (سەرچاوەی پێشوو: ١٦٢)

سروشتی زۆربەی عاشقان وایە، هەموو شتێک بە جوانی دەبینن و میهرەبانی و خۆشەویستی بە دەوروبەر دەبەخشن ڕقیان لە کەس نییە، چونکە دڵی ئەوانماڵێکە بۆ خۆشەویستی و جێگای ڕقی تێدا نابێتەوە! هەر بە هیوای ئەو عیشقەشەوە گۆرانی بۆ داهاتوو دەچڕن و خەونی ڕەنگاڵەیی دەبینن .

هەروەک هەمیشە گریان یەخەیان پێ دەگرێت و عیشقەکەیان فرمێسکیان پێ دەڕێژێت، چونکە ڕێگای عیشق گوڵڕێژ نییە، بەڵکو ئەو ڕێگایە هەمیشە بە دڕک تەنراوە. دڵی عاشقیش ناسکەو بەرگەی بچوکترین شکان ناگرێت. لە شیعری(فرمێسک و شیعر)دا شاعیر دەڵێت :
نازانم چۆن خۆشم ویستی
تا ئەوپەڕی خۆشەویستی
خولیای عەشقت هەموو شەوێ
فرمێسکی تازەی لێم ئەوێ (سەرچاوەی پێشوو: ١٤٨)

شاعیر خۆشی نازانێت، کە چۆن بەرامبەرەکەی خۆشویستووە؟ تا دوا پلەی خۆشەویستی(پلەی عاشق بوون)، بەڵام هەر ئەو خۆشەویستییەش بووە، بە هۆکاری ئەوەی بەردەوام فرمێسک بڕێژێت و هەست بە ئاسودەیی نەکات.

عیشق ژان و خەمە: لە بەشێکی شیعری(کلێشەیەک بۆ پەراوێزی خەمەکان)دا، شاعیر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کاتێک خەم دەبێتە هاوەڵی شەوانی، ئا لەو کاتەدا هەزاران خۆری ڕووناکی پرشنگێ نادەن بە دڵی شاعیر.واتە هیچ شتێک نابێتە هۆی دروست بوونی تروسکەیەک هیواو ئومێد لە دڵی شاعیردا. بێگومان سەرچاوەی ئەم هەموو خەم وبێ هیواییەش هەر عیشقە .
کە خەم ئەبێتە هاودەم و

هاوڕێیەتی شەوم ئەکات
هەزاران خۆری ڕووناکی
پڕشنگێ بە دڵم نادات (سەرچاوەی پێشوو: ٩٦)

هەستی بینین لای عاشقان: چاو یەکێکە لە ئەندامە هەستیارەکانی مرۆڤ، شاعیرانی کلاسیک و شاعیرانی نوێش زۆر گرنگیان بە چاو داوە، چونکە چاو هەمیشە سەرنجی بەرامبەر ڕادەکێشێت و زۆرجاریش مرۆڤ بە چاویدا دەردەکەوێت کە عاشقە، بەتایبەتی لە کاتی نزیک بوونەوە لە مەعشوق. شاعیر لە بەشێکی شیعری(عاشق چاوی لە ئەو دیوی شتەکانە)دا دەڵێت:

من عاشقم
عاشق چاوی لە ئەو دیوی شتەکانە..
بۆیە لەو دیو
نیگای چاوەکانی تۆوە
ڕەنگی بەیانی ئەبینم
لە دەروونتا نەخشەی جیهانێکی تیایە
خەڵکەکەی هەموو شاعیرن..
بۆ عیشق و جوانی ئەنووسن (سەرچاوەی پێشوو : ١٢)

بەلای شاعیرەوە تەنیا کەسی عاشق دەتوانێت نیگای چاوی بەرامبەرەکەی بخوێنێتەوەو ئەو دیو شتەکان ببینێت، لە نیگای چاوی مەعشوقیشدا ڕەنگی بەیانی بە واتای ڕەنگی سپی و گەشبینی دەبینێت، دواجار دەرونیشی دەخوێنێتەوە و دەبینێت، کە چۆن نەخشەی جیهانێکی ڕۆمانسی تێدایە، جیهانێک کە خەڵکەکەی تەنیا بۆ عیشق و جوانی دەنووسن. ئەمەش یەکێکە لەو خەیاڵانەی کە عاشق لە مێشکی خۆیدا دروستی دەکات و هەمیشە خەون بەو جیهانەوە دەبینێت. لە بەشێکی شیعری(چاوەکانت)دا شاعیر دەڵێت :

چاوەکانت بێ دەنگ ئەدوێن
نیگا ئەکەن زۆر شت ئەڵێن
ئەوەی بە دەم نایدرکێنی

ئەوەی لات بۆتە نهێنی
هەر کاتێ سەرنجیان ئەدەم
ئاشکرا لێ یان تێ ئەگەم (سەرچاوەی پێشوو: ١٩٨)

سەیرکردنی عاشقەکان شەپۆلە پەیامێکن دەدرێن بە گوێی دڵە زیندووەکاندا،بە جۆرێک عاشق لە چاوی مەعشوقەکەیدا ڕۆمانێک قسە دەبیستێت!. شاعیر تەنیا بە سەیرکردنی سەرنجەکانی خۆشەویستەکەی، لە نهێنی و پەیڤە شاراوەکانی دڵی تێدەگات. ئەو پەیڤانەی کە مەعشوق ناتوانێت بە دەم بیڵێت و بووە بە نهێنی، لە نیگای چاوەکانیدا ئاشکرا دەبێت. سەیرکردنی نیگاکانی یەکتری و چاو بڕینە چاوی یەکتری بەلای شاعیرەوە وای کردووە، کە چاوی عاشق و مەعشوق لە یەک بچێت و خەڵکی لە چاوی شاعیردا خۆشەویستەکەی ببینن، بەمەش هەموو خەڵکی بە عیشقەکەیان دەزانێت. لە شیعری(ئەو)دا شاعیر دەڵێت :

کەس نەما بوو
نەزانێ کە خۆشم ئەوێت
هێندە سەیری چاوی یەکترمان کرد بوو
ئێستا هەر دوو
چاومان لە یەکتری ئەچێت (سەرچاوەی پێشوو:١٩٦)

شاعیر هەرگیز بێزار نابێت لە سەیرکردنی چاوی مەعشوق، لە بەشێکی شیعری(کە بیر لە تۆ ئەکەمەوە)دا شاعیر دەیەوێت تێر تێر لە چاوی مەعشوقەکەی بڕوانێت، تاکو دەگات بە دوورگەی چاوەکانی، چونکە هەمیشە خۆی بە ڕێبوارێکی ڕێگا ونبووی دورگەی چاوەکانی یار دەزانێت .

گیانە با هەتا ئەتوانم..
بۆ ناو دورگەی
چاوەکانی تۆ بڕوانم
سەرسام مەبە
هەتا ئێستاش
خۆم بە ڕێبوارێکی وێڵی

وەی پێشوو: ٨٥)

عیشق ڕەشبینی و بەدبەختییە هاوکات گەشبینی و بەختەوەرییە: ئەمەش دەکەوێتە سەر کات و ساتی عاشقەکان، بەجۆرێک ئەگەر لە مەعشوقەوە نزیک بن و زیز نەبن، زۆر بەختەوەرو دڵخۆشن بە پێچەوانەشەوە... سەرنج بدەرە ئەو ڕۆژانەی، کە لەگەڵ ئەو کەسەدایت کە خۆشت دەوێت، یان لێوەی نزیکی. هەست دەکەیت ڕەنگی ئاسمان جوانتر دەنوێنێت، بۆنی گوڵەکان جیاوازە لە ڕۆژانی تر، دڵۆپە بارانەکان وەکو سەمفۆنیایەکی نەمر دەڕژێنە سەر زەوی. لەو ساتەدا سروشتێکی تایبەتیت لا بەرجەستە دەبێت، کە دەچیتە هۆشمەندیتەوەو وات لێ دەکات هەست بە بەختەوەری بکەیت، تەنانەت ئەو ساتانەی کە لە مەعشوقەوە نزیکی کێشەو گرفتەکانیشت لەلا بچووک دەبنەوە، بەڵام بە دوور کەوتنەوە لە مەعشوق، هەموو ئەم دیمەنانە دەڕوخێن و هەرەس دێنن. شاعیر لە شیعری(بۆچی"با"دەنگت ناهێنێ)دا دەڵێت :

کە هی من بووی
هەموو شتێ لەلام جوان بوو
گەورەترین خەم و گرێ
کردنەوەی هێجگار ئاسان بوو
بەڵام ئێستاکە لێم ونی
وا هەست ئەکەم
دەنگی باڵدار ئیتر نایە
شەماڵ فێنکی ناهێنێ
خەندەی سەر لێوم ئەتۆرێ (سەرچاوەی پێشوو: ١٥٤)

شاعیرهەست بە تەنیایی و نامۆیی دەکات، هەندێک جاریش بە هۆی ئەم بارودۆخەوە عاشقەکان تووشی خەمۆکی و گۆشەگیری دەبن بە هۆی دابڕان و نەگەیشتن بە مەعشوق.

عاشق لەسەردان کردن و بینین و گفتوگۆ کردن لەگەڵ مەعشوقدا، هەرگیز بێزار نابێت بگرە خەم و پەژارەشیان نامێنێ و هەست بە

بەختەوەری دەکەن، لە شیعرێکی بێ ناونیشاندا شاعیر حەز دەکات لەو کاتەی، کە لەگەڵ خۆشەویستەکەی دادەنیشێت کات بوەستێت و نەڕوات، چونکە پێی وایە جوانی یارو تێڕامان لە خۆشەویستەکەی بەشێکە لە میهرەبانی خوای گەورە بۆ شاعیر.

کە لەگەڵ تۆ دائەنیشم

خۆشە کات بوەستێ و نەڕوا

چونکە جوانی تۆ بۆ بەندە

بەشێکە لە بەزەیی خوا (سەرچاوەی پێشوو: ٢١١)

غیرە کردن لە نێوان عاشقاندا: هەندێک جار غیرە کردن لە نێوان عاشقەکاندا بە بیانووی جیا جیا بەدی دەکرێت، چونکە سروشتی مرۆڤ وایە، ئەگەر کەسێکی زۆرخۆش ویست حەز دەکات تەنیا هی ئەو بێت و کەسی تر لێی نزیک نەبێتەوە، یان باسی بکات. شاعیر ئەو ڕۆژانەی کە خۆشەویستەکەی نابینێت، بەخیلی بەو بایەش دەبات، کە لە پرچی دەدات و بۆنی پرچی دەکات! هەروەکو لە شیعری(بیرت ئەکەم)دا دەڵێت :

کە نات بینم

بەخیلی بەو بایە ئەبەم

ئێواران لە پرچت ئەدا

خۆ هیچ نەبێ

جارو بارێ

کەمێ بۆنی پرچت ئەکا (سەرچاوەی پێشوو: ١٤٦)

دڵ شکان و زیز بوون: بەداخەوە زۆرجار عاشقەکان ناتوانن درێژە بە کاروانی عیشق بدەن، تاکو دەگەن بە مەنزڵ و عیشقەکەیان بە هاوسەرگیری پیرۆز بکەن، بەهۆکاری جیاواز تووشی تۆران و دڵ شکان و دابڕان جیابوونەوە دەبن، ڕەنگە جیابوونەوەیەکی هەمیشەیی بێت و ببێتە هۆی ناکام بوونی عیشق. لە شیعری(تووڕە بوون)دا شاعیر گازندە لە خۆشەویستەکەی دەکات، کە دڵی شکاندووەو کەسێکی خۆ پەرستەو تەنیا خۆی خۆش دەوێت و دەڵێت :

دڵم شکا
نەئەبوو وا بە ئاسانی
مشتە کۆڵەی ڕقی پیادەی
دڵت بەردە
بە تەنیا خۆتت خۆش ئەوێ
بۆیە هەرگیز
لە خۆشەویستی من ناگەی (سەرچاوەی پێشوو: ١٥٢)

مەعشوق دڵی عاشق دەشکێنێت، بە پێچەوانەشەوە زۆرجار عاشقیش دڵی مەعشوق دەشکێنێت، چونکە ئەویش مرۆڤەو سروشتی مرۆڤیش وایە، لە بارێکی دەروونی جێگیردا نییە تاکو هەمیشە نازی مەعشوق هەڵبگرێت و هیچ کاتێک تورە نەبێت، ئەوەتا شاعیر لە شیعری(دابڕان)دا گلەیی لەخۆی دەکات، کە خۆشەویستەکەی تۆراندووەو دەڵێت :

ڕۆژێ ئەمرم
بەرگەی دووری تۆ ناگرم
ڕۆژێ ئەمرم
هەورێ دا ناکاتە باران
درەختێ ناداتە گریان
چونکە من ڕۆژێک لە ڕۆژان
تۆی ئازیزم لە خۆم تۆران (سەرچاوەی پێشوو: ١٦٤)

درۆکردن وبێ وەفایی: ڕاستگۆیی بەهایەکی گەورەی عیشقە، کە پێویستە عاشقان پابەند بن پێوەیی و بەهۆیەوە تەماحە دێرینەکانی بەرزە منی پێ بهێننە دی، چونکە لە دەستدانی ڕاستگۆیی ساتەوەختی لێکترازانی ئەو پەیوەندییەیەو دروست بوونی ناهاوسەنگییەکی ڕۆحییە، بە جۆرێک کە وێنا ناکرێت. درۆکردن و بێ وەفایی و ناپاکی کردن لە عیشق لە بەشێک لە شیعرەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)دا ڕەنگی داوەتەوە، وەکولە شیعرەکانی(بۆ نەسوتێم، خۆشەویستیش بە مۆدێلە، ئێوارانێ وەک سێبەر شوێنم ئەکەوتی، بۆچی هاتووی، سەراب...هتد) بۆ نمونە لە

شیعری(سـەراب)دا، شـاعیر عیشـقەكەی بـە سـەراب دەزانێـت، چونكـە دوای چوارساڵ لە خۆشەویستی، بەرامبەرەكەی درۆی لەگەڵ كردووە .

درۆزن بووی

لەگەڵ منا.. لەگەڵ خۆتا

تێ ئەگەم كە..،

چوارساڵی دوورو درێژە

بە شوێن سەرابا ڕا ئەكەم (سەرچاوەی پێشوو: ١٣٨)

بەیەک نەگەیشتن: زۆرجار عاشقەكان بەیەک ناگەن، ئەمەش بـە هۆكـاری جۆراوجـۆر، وەكـو ڕازی نـەبوونی كەسـوكار، یـان جیـاوازی چینایـەتیی، یـان ڕاسـتگۆ نـەبوونی عاشـقانە بـەرامبـەر بـە یـەكتری، یـاخود زۆرجـاریش دەگەڕێتـەوە بۆ بێ متمانـەیی لـە نێوان كچـان و كوڕاندا. كوڕ هەمیشـە لـەوە دەترسـێت، كـە خۆشەویسـتەكەی كەسـێكی دەوڵەمەنـدو سـەرمایەدار هەڵدەبژێرێت، كچیش هەمیشە نیگەرانی ئەوەیە، كە ئایا خۆشەویستەكەی لـەم ڕێگـا دوورو درێژەی عیشـقدا بـەجێی ناهێڵێت؟! بـە تایبـەتی ئەگـەر عیشـقێک لەسـەر بنـەمای بەرژەوەنـدی مـاددی بێـت، ئـەوا مەحاڵـە سـەركەوتوو بێـت، دەتـوانین لـە چوارچێـوەی شیعری(هەڵوێسـتێک)دا بڕیـاری ئـەوە بـدەین، كـە عیشـقی شـاعیریش، عیشـقێكی ناكامـەو بـە مـەعشـوقەكەی نەگەیشـتووە.

هەروەكو دەڵێت :

گیانە شیعریش

كراس نی یە لەبەری كەی

شیعر نابێتە زێڕو زیو

لە سنگی و بەرۆكی بدەی

ئەم جیهانە بۆ مرۆڤی

ویژدان زیندوو نەخولقاوە

شاعیر چییە

با جیهانیش

هەمووی پڕ كا لە هۆنراوە؟..

برۆ ببه به هاوسەری
مرۆڤێکی ویژدان مردوو
ئەو ئەتوانێ
بتکاتە خانمی گەورەی
کۆشک و تەلاری ڕازاوە (سەرچاوەی پێشوو: ١٦٥)

ڕێگای عیشق دوورو درێژە، پڕە لە دڕک و گوڵ، پڕە لە خەم و ژان، پڕە لە فرمێسک و ئازار... تەنیا ئەوانەی کە عاشقن دەتوانن گوزارشت لە هەموو تاڵی و شیرینییەکانی عیشق بکەن. کەمیشن ئەوانەی کە ئارام دەگرن و ڕاستگۆن، لە بڕینی ئەو ڕێگا دوورو درێژەی عیشقدا، تاکو دەگەن بە مەنزڵ. جگە لەوەش عیشق پیرۆزەو بەهای خۆی هەیە، پێویستە عاشقەکان لە بەهاکانی عیشق تێ بگەن و هەمیشە ئامادە بن قوربانی لە پێناو بدەن، چونکە تەنیا عیشقێکی پاکە دەتوانێت مرۆڤ بگەیەنێت بە نیوەکەی تری و بیکات بە مرۆڤێکی کامڵ. ئەمەش سەرەتایەکی شیرینە بۆچێکردنی خێزان و بەدەست هێنانی بەختەوەری، کە هەمووان بە دوایدا دەگەڕێین .

**ئەنجام**

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە-:

-1عیشق یەکێکە لە بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی، کە خوای گەورە لە ناخی مرۆڤەکاندا چاندوویەتی و لەگەڵ گەورە بوونی مرۆڤەکانیشدا عیشقیش گەورە دەبێت و ڕێگای تایبەت بە خۆی دەگرێتە بەر.

-2لە کۆمەڵگای کوردیدا، پەیوەندییە سۆزدارییەکان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تری مێژوویی، گۆڕانی بەسەردا هاتووەو جێگیر نەبووە. لە قۆناغی ئەمڕۆشدا لە ئەنجامی گۆڕانکارییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، هاوکات پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا، تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ پەیوەندییە سۆزدارییەکان گۆڕاوە.

-3خۆشەویستی کوێر نییە، بەڵکو دوو چاوی کراوەی هەیە. ئەوانەشی کە کوێرانە هەنگاوی بۆ دەنێن و دەکەونە هەڵەوە، بێگومان لە داهاتووشدا تەنیا خۆیان باجی هەڵەکەیان دەدەن.
-4پێویستە عیشق وخۆشەویستی، لەسەر بنەمای ناسینی ناخی مرۆڤەکان و بەها ڕۆحییەکان بێت، نەک لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە ماددییەکان و نەخوێندنەوەو نەناسینی ناخی یەکتری، چونکە ئەمانە وا دەکەن، کە پەیوەندییەکی ناعەقڵانی دروست بێت و چاوەڕوانی ئایندەیەکی گەشی لێ ناکرێت .
-5(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) شاعیرێکی ڕاستگۆیە، عیشقەکەشی بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوەو بە هەموو هەڵچوونە دەروونییەکانییەوە، لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.
-6عیشق و شیعر دوو چەمکی پێکەوە بەستراون، ناکرێت لە یەکتری جیا بکرێنەوە، هەروەک عیشق هۆکارێکی سەرەکییە بۆ تەقینەوەی کانیاوی شیعری و شاعیران بەهۆی شیعرەکانیانەوە گوزارشت لە خەم و ئازارەکانی عیشق دەکەن.

## کورتەی توێژینەوەکە

عیشق هەستێکی خۆرسکە لە ڕۆحی هەموو تاکێکدا بەرجەستە دەبێت، بەڵام لای هەر یەکێکمان بە شێوەیەک و بە ئاڕاستەیەک ڕێگا دەگرێتە بەر. سروشتیش لەسەر بناغەی ئەڤین و ئەڤینداری دامەزراوە، بۆیە مرۆڤ هەمیشە هەوڵدەدات لەو بازنەیەدا بخولێتەوەو ئاوێتەی ناخی بێت. بێگومان قسە کردن لەسەر بابەتی عیشق و پەیوەندییە سۆزدارییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا، کارێکی هەروا ئاسان نییە، ئەمەش بە هۆی داب و نەریتی دواکەوتی کۆمەڵگاو هەڵە تێگەیشتن لەچەمکی عیشقەوەیە. لێرەدا مەبەستی ئێمە عیشقێکی پاک و بێگەردە، کە دوور بێت لە چێژە جەستەییەکان و سەرەتایەک بێت بۆ چێکردنی خێزان و بەدەست هێنانی بەختەوەری. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(ڕەنگدانەوەی عیشق لە شیعرەکانی"فەرەیدون

عەبـدول بــەرزنجی")دا، هەوڵێكــە بـۆ ناســاندنی عیشــق وەک یــەکێک لــە خاسـیەتەکانی مـرۆڤ. (فەرەیـدون عەبـدول بـەرزنجی)ش وەک یـەکێک لـەو شاعیرە نوێخوازانەی، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیسـەمدا دەسـتی داوەتـە نووسـین و یەکێکــە لــە قەڵەمــە دیارەکــانی دنیــای ئــەدەبی کــوردی و بــە شـێوەیەکی بـەرچـاو عیشـق لـە شـیعرەکانیدا ڕەنگـی داوەتـەوە، ئـەم عیشـقەش هــەڵقوڵاوی نــاخی شــاعیرەو هــیچ زۆر لــە خــۆکردنێکی تێـدا نییــە. لــەم توێژینەوەیــەدا هەوڵـدراوە عیشـق وەک بەهایـەکی ڕۆحـی، مرۆڤایـەتی، بـە هەموو تاڵی و شیرینییەکانییەوە بناسرێت و قسەی لەسەر بکرێت .

**ملخص البحث**

العشـق احسـاس طبيعي في كل روح يتجسـد، ولكن عند كل منا لـه صـورة وشـكل. والطبيعـة أسـيس علـى أسـاس المحبـة وامـودة، لـذا يحـاول كل منـا ان يدور في تلك الحلقة التي يمترج بداخلـه، لاشـک أن التكلم عـن العشـق والحب في مجتمعنـا الكـوردى شـىء لـيس بهـذه السـهولة، لأسـباب تعـود الـى التـراث والعادات والتقاليد وسوء الفهم من هذا المصطلح. ونحن نقصد بالعشق، العشـق النزيف والطاهر الذي يبعد كل البعد عن الملذات الجسدية ونقصد بالعشق الـذي يؤدى نهايـة المطـاف الـى تكـوين الاسـرة السـعيدة. هـذا البحث عنوانـه(انعكاس العشـق فـي أشـعار"فةرةيدون عةبـدول بةرزنجى)محاولـة للتعـرف علـى العشـق كاحـد الخصـائص مـن خصوصـية الانسـان. و(فةرةيـدون عةبـدول بـةرزنجى) كاحد الشعراء المجددين، الذي كتب أشعاره في النصـف الثـاني فـي العشـرين و أحـد الشـعراء البـارزين فـي عـالم ألادب الكـوردى، الـذي يظهـر العشـق بشـكل لاملفت للنظر، الذي لاتعقيد فيه ولاتكلف. وحاولنا ان نتكلم عـن العشـق فـي هـذا البحث كقيم روحي بكل ما فيها من الحـلاوة والمـرارة، الـذي يميـز الانسـان عـن غيره من المخلوقات

## Absract

Love is a natural feeling which exists in every human's soul, but in different ways and directions. Nature is based on love and mutual felling thats why human being always tries to be in this un-ended cycle and to be mixed with his or her soul. Undoubted, when we talk about love and affectional relations in the Kurdish society, it is not easy. This is because of the habits, cultural lags and norms which are available in the Kurdish society and misunderstanding from the concept of love. Hereby, we mean a true love which is away from body erotic and rather than that to be a base of creating a family and bring happiness. This research is under the title of (The influence of love in the poems of Faraidun Abdul Barznji), as an effort to introduce love as one on the human beings features. Faraidun Abdul Barznji as one of the modern poets in the Kurdish literature in the second half of the last century started to write poems and one of the prominent poets which love has been appearing in his poems. He is truly writing poems and we can notice that he has a natural feeling to love and reflected in his poems. In this research, we try to talk about love as spiritual, precious and humanitarian sense with its bitterness and sweetness of life.


## ناوی سەرچاوەكان

### ا/سەرچاوە كوردییەكان:


ئاری عومەر، پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوان وەهم و گوماندا، ٢٠٠٤.

حوسێن محەمەد عزیز، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەكانی زمانی كوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٥.

دیل كارنگی، و: عومەر یوسفی، هونەری وتاردان (نامیلكە) ١٩٩٩.

دیوانی نالی، لێكدانەوەی مەلا عبدالكریمی مدرس و فاتح عبدالكریم، چاپی دووەم، تهران، ٢٠٠٤.

دیوانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، چاپی یەكەم، چاپخانەو ئۆفیسی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤.

ڕێبوار سیوەیلی،لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی،چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤

ڕێبوار سیوەیلی، دیاردەگەرایی تاراوگە، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

سەمیر شێخانی، و: دیاری عەلی، خەرمانێک لە بیری مرۆڤایەتی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی چاپی ئارام، ٢٠٠٥.

شێرکۆ بێکەس، خاچ و مارو ڕۆژمێری شاعیرێ، چاپی یەکەک، ١٩٩٧.

-10قانع خورشید، عیشق لە نێوان عەقڵ و ئاییندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٥.

-11ناصرجرجیس، و: کەمال عەلی، خۆشەویستی و قۆناغەکانی و پەرەپێدانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.

-12یوسف عوسمان حەمەد، گەنج و گرفتە دەروونییەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٤.

**گۆڤارەکان :**

توانا عوسمان، گفتوگۆیەک دەربارەی خۆشەویستی، گ(ڕامان)، ژ(٢١)، هەولێر، ١٩٩٨.

خەزعەل ئەلمادی، و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، شیعرو سیحر، گ(کاروان)، ژ(١٩٩)، هەولێر، ٢٠٠٥.

دێرین حامد، ئەگەر عاشق نیوە بێت ئایا مەعشوق نیوەکەی تریەتی..؟، گ(لڤین)، ژ(١٥)، سلێمانی، ٢٠٠٤ .

سەعید محەمەد نوری، خۆشەویستی لە ڕووی پێکهاتەوە، گ(ڕامان)، ژ(٨١)، هەولێر، ٢٠٠٣.

قاسم حوسێن، و: سابیر بەکر بۆکانی، گ(ڕامان)، ژ(٥٧)، هەولێر، ٢٠٠١.

**چاوپێکەوتن:**

چاوپێکەوتن لەگەڵ (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)، لە بەرواری ٢٠/ ٤ /٢٠١٥ لە زانکۆی سلێمانی .

ب/ سەرچاوە عەرەبییەکان:

د. احسان عباس، فن شيعر ،الاردن- عمان، ١٩٨٩.
د. عزالدين اسماعيل، الشعرالعربي المعاصر، ط٢، دار فكر العربي، بدون مكان وسنة.
د. محمد مندور، الادب وفنونة، قاهيرة، ١٩٧٤.

**ئینتەرنێت :**

وریا قانع، ماڵپەڕی میدیا لە کوردستان. بەرواری ٢٠١٥/١٢/٧.
لاپەڕەی یانەی سەرهەنگ موحسین، تەوەرەی گفتوگۆ: عیشق و تەکنەلۆجیا. ٢٠١٥/١٢/١٠.